سەران .. بە تەهمەتی بردنی 130 بوتە غاز تەهمەتبارێک دەستگیرکرا

بەڕێوەبەرایەتیی پۆلیسی سەران رایگەیاند تەهمەتبارێکی دەستگیرکردووە کە 130 بوتە غازی ماڵانی دزیووە.

ئەمڕۆ دووشەممە ، بەڕێوەبەرایەتیی پۆلیسی سەران ئاماژەی بۆکرد، "هاوڵاتییەک بەناوی 'ع . ع . ع' کە بریکاری غازی ماڵانە ماوەی شەش ساڵە کەسێک بەناوی 'ب . ع . م' ناسراو بە 'ب' وەک شوفێری ئۆتۆمبێلی فرۆشتنی غازی ماڵان کاری لا دەکات، بەڵام کرێکارەکە ئەو هەڵەی قۆستۆتەوە کەوا بوتەی غازی لە ماڵان وەرگرتووە و پارەشی لەوەرگرتوون و گوتوویەتی دواتر بوتەی غازەکانتان بۆ پێ کراوی بۆ دەگەڕێنمەوە".

ڕوتیشی، "ئەو تەهمەتبارە بۆ جارێ زیاتر لە 130 بوتەی غازی لە هاوڵاتیان و بریکاری غازەکەی دزیووە، بۆیە تەهمەتبار دەستگیر کراو لە بنکەی پۆلیسی دیانا پێداوی لێکۆڵینەوەی بۆ کرایەوە و دادوەری لێکۆڵینەوەشی لە ئاگادار کرایەوە".